# چەمکی حیزب و چین....ئەرکەکانی چەپ

***ئازاد ئارمان***
azadarman@hotmail.com

روونکردنەوەیەکی پێویست:

**بە پێویستی دەزانم بۆ بردنە پێشەوەی باسی پرۆسەی پێکهێنانی حیزب لە کوردستان کە گۆشەیەکی تایبەت بکرێتەوە لە ماڵپەری دەنگەکان یاخود ماڵپەری بۆپێشەوە . بۆ کۆکردنەوەی تەواوی باسەکان لە لاپەرەیەکدا .بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر بە باسەکانمان بکات و هەنگاوی زیاتر بەرەو پێش بە رێت. هەتا دەکرێ لە شێوەی" بولتەنی باسەکان" بە شێوەی گۆڤارێک دەربچێت.**

## بەشی یەکەم

## دەروازە

ماوەیەکە مەسەلەی هەنگاو بەرەو پێکهێنانی حیزبێکی کۆمۆنیست لە کوردستان لە لایەن چەند هەلسوراوێکی سۆسیالیست و چەند کادرێکی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆتە جێگای قسەو باس و گۆرینەوەی بیرورا لەگەل یەکتری دا لەسەر ئەم مەسەلەیە . دەتوانین بلێین زۆربەی زۆری ئەم هاورێ یانە هاوتەزەرن لە سەر مەسەلەی زەروری بوون و پێویستی بنیاتنانی ئەم پارتە لە کوردستان .تەنیا کەسێک کە لە بنەرەتەوە دژایەتی هەیە لە گەل میتۆد و چەمکی پارت و بە تەواوی رەتی دەکاتەوە هاورێ هەژینە ، کە دیارە ئەویش زۆر راشکاوانە بیرو بۆچوونی خۆی بەیان کردووەو، بەرگری لە تێزێک دەکات دەچێتە خانەی ئەنارکیستەکان کە ئەمەش مافێکی رەوای خۆیەتی.

پەیوەندی و جێگاو شوێنی حیزب و چین لە سەرەتایی سەرهەلدانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دا لە دەورانی مارکس و ئەنگلس وە تاکو ئێستاش یەکێک بووە لە مەسەلە ئالۆزەکانی نێو بزووتنەوەکەماندا. نەک هەر لە نێوان مارکسیستەکان و ئەنارکیستەکان، بەلکو لە ناو خودی رەوتە مارکسیستەکان خۆشیان.جێگای قسەو باس و لێکدانەوەی جیاواز بووە. لەمبارەیەشەوە مێژووی ئەحزابە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان پریەتی لەم ناکۆکی و کێشە و ململانێ یە ، نموونەی ئەنتەرناسیونالی یەکەم و دووهەم و سێیەم و چوارەم ، هەروەها ئەحزابە جەماوەری یەکانی وەکو حیزبی سۆسیال- دیموکراتی ئەلمانیا و رووسیا و ...هتد.بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیش لە کوردستان لەم رێسا گشتی

یە بەدەر نی یەو کارێکی ئاسایی یە ئەگەر دیدگاو بۆچوونی جیاواز هەبێت لە سەر ئەم مەسەلەیەو چەندین مەسەلەتر.

## چەمکی حیزب و چین لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم سەرنج و ڕەخنەکانی هاورێ یان دووبارە ناکەمەوە لە سەر (حککع) کە پێم وایە لە گەل زۆربەی ڕەخنەکانیان هاورام، دەتوانم بڵێم ئەگەر بێتە سەر مەسەلەی ڕەخنە لە ئەزموونی نزیک بە چواردە سالەی ئەم حیزبە. ئەوەی هاورێ یانێک نووسیویانە بەشێکی بچووکە لە ڕەخنەیەک کە بەدوایدا[1] برۆیت لەزۆو لایەنەوە چەندین باسی جیاواز هەڵدەگرێت. بۆ نموونە تێروانینی ئەم ڕەوتە سەبارەت بە سۆسیالیزم،دەسەلاتی کرێکاری، ئەنتەرناسیونالیزم،سۆسیالیزم لە یەک وڵات،مەسەلەی نەتەوایەتی،مەسەلەی ئایین هتد...( کە ئەم باسانە لەم نووسینەدا جێگای نابێتەوە) ئەوەی لەم نووسینەدا بە پێویستی دەزانم و گرنگەو قسەو باسی لە سەرە مەسەلەی حیزبە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری نەک لەم باسەیاندا بەڵکو لە تەواوی بیرکردنەوەی ئەواندا، جێگای چینی کرێکاران دیار نی یەو چینی کرێکاران هۆکاری ئەسلی ئالوگۆر یاخود شۆڕش نی یە بەڵکو ئەوە حیزبە هەموو داخوازی و نەهامەتی یەکانی چینی کرێکاران و ڕەنجدەران وکۆمەڵگە بە گشتی چارە سەر دەکات و دەیکات بە پیازێکی سپی کراو و دەیخاتە بەردەم چینی کرێکاران و تەواوی کۆمەلگا فەرموو ئامادەیە بۆ خواردن .ئەزموونەکانی رابردوو پریەتی لەم جۆرە سۆسیالیزمە. سۆسیالیزمی ستالینی و سۆسیالیزمی ماوی و کاسترۆی و هەروەها سۆسیالیزمی چەپی جیهانی سێیەم. مارکس دەڵێت " ڕزگار چینی کرێکاران، بەندە بە خەباتی خودی چینی کرێکارن خۆیان".ئەم وتەیە ئەلف و بێی مارکسیزمە ئینکاری کردن لەمە، دژایەتی راستەوخۆیە لە گەل مارکسیزمی ڕەسەن.

ئەلگویەک کە حککع پێشنیاری دەکات بۆ پێکهێنانی حیزب لە کوردستان. لە هەموو بارێکەوە پێشنیار و ڕێبازێکە کە لە گەل کەلەپووری مارکسیزمی ڕاستەقینە یەک ناگرێتەوە. ناعەمەلی و ناتەندروست و ئەزموونێکی ناسەرکەوتووە. مەسەلەکە لە بەر ئەوە نی یە لە باری ئایدیۆلۆژی یە وە ئێمە کۆمۆنیزمی کرێکاری مان قەبوول نی یە بۆیە ئەم ڕەخنانەیان ڕووبەروو دەکەینەوە. هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە ئەزموونی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دوو دەیەی رابردوودا یارمەتی مان دەکات بۆ راستی و دروستی بۆچوونەکانی ئێمە لە سەر ئەم ڕەوتە .ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە مەنسووری حیکمەت بیرمەندی بوو، لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم دا پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە ئەم دەورانە دەورانی

پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکاری یە لە دونیادا، دوای دوو دەیە نەک ئەم بۆچوونە ڕاستی نە پێکا بەڵکو شاهیدی چەندین لێک ترازان و لێکجودابوونەوەین لە ناو خودی ئەم دوو حیزبەدا. ئەم دوو حیزبە چەندین حیزبی تری لە ناو خۆی دروست کردووەو ، بەرە بەرە بەرەو گروپی بچووک تر خورد دەبنەوە و لەم کاتەشدا کە ئەم باسانە هاتوونەتە مەیدان نەک گەشبینی نابینرێ لە ناو ئەم ڕەوتە بەڵکو لایەنی کەم دوو فراکسیۆنی تر بەڕێوەیەیە کە هەمووشیان یەکتر تاوان بار دەکەن بە لادەر لە ڕێبازی حکمەتیزم.ئەمانە بەڵگەی واقیعین کەس ناتوانێ بە هیچ بیانۆیەک بیان شارێتەوە بۆ مەبەستێکی سیکتاریستی. ئایا ئەمە وەزع و حالی ئەم ڕێکخراوەیە بێت، چۆن دەتوانێ لە سەر هەمان ڕێبازو هەمان میتۆد حیزبێکی سەرکەوتوو لە کوردستان بنیاتبنێت و شانازی بەوەشەوە بکات بڵێت ئەبێت حیزبی تازە حیکمەتیست بێت.

هۆکارەکانی حککع بەیانی کردووە لەسەر پێویستی پێکهێنانی حیزب لە ڕێگای نووسینەکەی بەڕێز عبدوڵا مەحمود دا نەک هۆکاری سەرەکی بنچینەیی نین بۆ بنیاتنانی حیزبێکی چینایەتی کرێکاران، بەدلنیایی یەوە دەڵێم ناتوانێ پۆلێک لە کۆمۆنیستەکانی کوردستان و دەستەیەک لە کرێکارانی سۆسیالیست رازی بکات، بەڵکو ناکۆکیش دروست دەکات لە ناوخودی ریزیەکانی حککع دا. هەر خوێنەرێکی ئاسایی بە ئاسانی دەتوانێ ئەوە ببینێت لە نووسینەکەی عبدوڵا مەحمود دا کە باسێک ئەوان پێشکەشی دەکەن، ئەوەی بۆ ڕۆشن دەبێتەوە ئەم حیزبە لە ئەزمەیەکی قوولدایەو دەیانەوێت بە پێشکەش کردنی باسێک ئاوا بۆ دەورەیەکیش بێت خۆی ڕزگار بکات لەم ئەزمەیەی تێی کەوتووە، کە پێم وایە تەنها ئەزمەیەکی تەشکیلاتی نی یە بەلکو ئەزمەیەکەلەنەبوونی تیوری مارکسیستی و ڕابەرایەتی یە .من ناچمە سەر ڕستە بە ڕستەی باسەکەیان، بەڵام ئەوەندە دەڵێم هەرچی دەردو بەڵایی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری هەیە ، هەمووی خستۆتە گرەوی پێکهێنانی ئەم حیزبە . هەقی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەلگەیە بە دیاریکراویش سۆسیالیستەکان لە سەرکردایەتی ئەم حیزبە بپرسن. باشە دەلیلی چی یە لە 13 ساڵی رابردوودا ئەم حیزبە لە ئاستی سەراسەری نەیتوانیوە ئەم کارانە بکات. هەر ئەو حیزبە حیکمەتیستەش بووە کە عبدوڵا و هاورێیانی دەیانەوێ ئێستا لە کورستان دروستی بکەن. ئایا ئەم تێروانینە چەندە نەک لە مارکسیزم، بەڵکو لە مەتریالیزمی دیالەکتیک نزیکە . یاخود دەتوانین پرسیار بکەین ئەم حیزبەی شانازی بەو ئایدیۆلۆژی یەوە دەکرد کە حیزبێکە ، حیزبی خیلافی جەرەیان!!!!! بە کام قیاس و بە کام تیوری تازەوە حیزبی چەند مەیلی قەبوول دەکات؟. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەبێت باش لەمە تێبگات ناتوانن مێژووی 13 سالەیان پەردە پۆش بکەن .دەتوانن لە بیری خۆیان بەرنەوە بەڵام هەرگیز ناتوانن بەم ئوپۆرتۆنیزمە لە بیری سۆسیالیستەکانی کوردستانی بەرنەوە. چونکە ئەبێت باش بزانم ئەم حیزبەی عبدوڵا مەحمود و هاورێکانی باسی دەکەن ئەوە 13 ساڵە وجودی هەیەو مێژووی ئەم 13 ساڵەش زۆرترین کار و پراکتیکی لە کوردستان بووە و زۆربەی کادرەکانیشی لە بەشی کوردستانی ئەم حیزبەدا بوونە و ، هەروەها زۆر بەی ئەو کادرانەی کوردستان

بوون بریار بوو نه ک وه ڵام به کۆمه ڵگای کوردستان بده نه وه ، به ڵکو ماوه یه کی زۆر بوو مه کته بی جیهانی عه ره بی یان پێکهێنابوو بۆ ئه وه ی وه ڵام به جیهانی عه ره ب.بده نه وه . به بیرهێنانه وه ی ئـه م مێـژووه ته نها بۆ ڕه خنه نی یه له حککع ، به ڵکو بـۆ ئه وه یـه :یه کـه م-: ئـه م ئه زموونـه دووبـاره نه بێتـه وه . دووهه م : حککع به ر له هه موو کارێک بێت هه لسه نگاندنێکی ئه زموونی 13 ساله ی خۆی بکات. پێم وایـه ئه مه چه کی مه حه که بۆ ئه وه ی سۆسیالیسته کان لایه ن ڕۆشن بێت. ئێوه له کوێوه ی بزووتنه وه که دان و ده تـانه وێت له داهاتوودا چی بکه ن؟